# ئەنجومەنی وەزیران .. تاکەی؟

**فەتاح خەتاب**
Fattah_shano@yahoo.com

من كە ناوم (فەتاح خەتاب حوسێن)ـە مامۆستام لە پەیمانگای هونەرە جوانەكان/ هەولێر. لە ساڵی 1981 دا، لەبەر فشار و نا عەدالەتییەكانی رژێمە فاشستئاساكەی بەغدا، وەك هەزاران مرۆڤی پاك و خاوەن هەڵوێست، پەنامان بردە بەر چیا و شاخە پیرۆزەكانی كوردستان و بووین بە پێشمەرگە، تاكو ئێستاش خۆمان لە خۆفرۆشیی و كلكایەتی و دەستپانكردنەوە پاراستووە و لە خزمەتكردنی گەلەكەمان لە رێگەی هونەر و ئەدەبەوە بەردەوامین و چاویشمان لە ئیمتیازات و بەخششی هیچ لایەنێك و كەسایەتییەك نییە، بەڵام لەبەر رۆشنایی وتە جوان و نەستەقەكانی سەرۆك بارزانی كە دەڵێت: نابێت كەس لە یاسا بەرزتر بێت، ئێمە تەعەدا لە كەس ناكەین و لە كەسیش قبوڵی ناكەین....، بە سەرهاتە سەیرو سەمەركانی خۆمان دەگێڕینەوە، تاكو بزانین كاروانەكەمان بەرەو چ لایەك دەڕوات و خۆشمان لە كوێ نووستووین.

1- بەر لە روخانی رژێمی بەعس، دوو جار گەڕاومەتەوە شارە دێرینەكەی خۆم، بە مەبەستی بە یەكجاری مانەوەو گەڕانەوەم بۆ سەر كاری پێشووم، بەڵام لەبەر ململانێ و خۆ سەپاندنی حیزبایەتی و شتی دیكە سادەترین مافی هاوڵاتیبوونم لێ حەرام كرا و دانەمەزرام و كەسیش لێی نەپرسیم ماڵت لە كوێیە!!!

2- پاش رووخان و دەستگیركردنی سەدام، راستەوخۆ گەڕامەوە كوردستان و دەستم بە مامەڵەی دامەزراندنم كرد و لە بێبەختی خۆم، رێم كەوتە ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی وەزیرانیش بۆ كابرایەكی وەكو منی پێشمەرگەو نا بەعسی و خۆ نەدۆڕاو، واتە حاجی یوسف و ئەحمەد تۆفیقی خەبیر.

ئەو حاجی یوسفەی كە زانی من لە ساڵی 1981 دا فەسل كراوم و ساڵانێكی دوور و درێژ لە سوید ژیاوم، لێی نەپرسیم لە چەند كۆرسی زمان و دەورەی هونەری بەشداریم كردووە و نووسین و كارە هونەرییەكانم چین و چەند كتێبم بە چاپ گەیاندووەو خەونەكانم چین!!!.. نەخێر. تەنها تاكە پرسیارێكی لێ كردم: نوێژ دەكەی؟!!! منیش وەڵامم دایەوە و گوتم: نەخێر، من بە درێژایی تەمەنم نوێژم نەكردووە.. دوای نوێژكردن پەیوەندی بە دامەزراندنەوەی چییە.. ئەو قسەكەی لێ بریم و پێی گوتم: كەواتە برۆ نوێژەكە بكە، ئەوجا مامەڵەكەت بۆ تەواو دەكەم!!! نە من نوێژم كرد، نە ئەویش مامەڵەكەی بۆ تەواو كردم. دوای چوار مانگ لە هاتووچۆ و قسەی قۆڕ و بۆگەن، بۆم دەركەوت كە مامەڵەكەم بە قودرەتی قادر بزر بووەو و پێویست بە ماندووبوون ناكات. بۆیە ناچار بووم، لە رێگەی پەروەردەی هەولێرەوە كارەكە بە ئەنجام بگەیەنم و چیتر چەهرە نورانییەكەی حاجی یوسف نەبینم.

3- دوای چوار ساڵ وەك مامۆستایەكی ماندوونەناس و گۆڵنەدەر لە پەیمانگای هونەرە جوانەكانی/ هەولێر، لە بەرواری 2006/9/21 دا بە مەبەستی ئەژماركردنی خزمەتی فەسل كراوە سیاسییەكان، كە بڕیارێكی یاسایی و حكومییە، بە پشتگیری حیزبی شیوعی كوردستان ژمارە 363 كە من یەكێك لە ئەندام و پێشمەرگەكانی ئەو حیزبە بووم و تا مردنیش دەڵێم و دەڵێمەوە "نیشمانێكی ئازاد و گەلێكی بەختەوەر" هەر لە رێگەی حیزبەكەشم، لە ساڵی 1981 دا شەرەفی پێشمەرگایەتیم پێ بەخشرا، ئەوكات مامەڵەكەم بە شێوەیەكی ئاسایی و فەرمی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی پەروەردەوە بڕیاری لەسەر درا، كە چی لە بەڕێوەبەرایەتی خانەنشین، كە بینیان لە جیاتی فەسل كراوەی سیاسی، تەنها فەسەل كراوە نووسراوە، بۆیە بە پێویستیان زانی كە وشەی سیاسی بۆ زیاد بكرێت، چونكە بڕیارەكەش لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرچووە، دەبێت لەوێ بڕیاری لەسەر بدرێت. لە ئەنجومەنی وەزیرانیش، هەر یەكە دەیگوت من نا.. ئەو، ئەو نا.. ئەم.. تا گەیشتمە لای ئەحمەد تەوفیقی خەبیر. ئەویش خستمیە ناو گێژەنێكی بێ كۆتایی، تەنها بۆ ئەوەی پۆزم لەسەر لێبدات و هێزو دەسەڵاتدارییەتی خۆیم پێ پیشان بدات و مامەڵەكەشم نەڕوێنێت، منیش نەم دەزانی مەسەلەكە چییە، بەڵام دوایی بۆم دەركەوت، كە ئەو خەبیرە موحتەرەمە، رقی لەو زاتە پاكانە دەبێتەوە كە خاوەن بڕوانامەو هەڵوێستی پاكن، جا چی لەگەڵ ئەو كەسانە بكات، كە پێشمەرگە بوونە و لە خارج ژیاون؟!! لە رووی دەروونییەوە حەقی خۆیەتی بەم شێوە نا ئینسانی و نا ئاساییە رەفتار بكات بەڵام حەقی ئەوەی نییە، پاش تەوابوونی مامەڵەكە لەلایەن هەردوو وەزارەتەكەوە بێت و بڵێت: من قەناعاتم بەوە ناشكێت كە تۆ فەسل كراوەی سیاسی بیت.! ئایا ئێمەش حەقی خۆمان

نییە بپرسین: ئەمە چ زەمانێکە، کە کابرایەکی وەکو ئەحمەد تەوفیقی خەبیری ئاخر زەمان، هەڵمانبسەنگێنێت و  ناسنامەی باشی و خراپیمان بۆ دەر بێنێت.؟!!!! ئاخۆ تاکەی ئەم مەهزەلە سیاسی و ئەخلاقییە بەردەوام دەبێت!

لێرەدا حەقی خۆمانە بڵێین: کێ کردی، کێ خواردی

2007/7/7